# جەژنی مەرگ


## کەژاڵ ئیبراهیم خدر

Kazhal_3@hotmail.com


**(ئەم شیعرە پێشکەشە بە شەهیدانی کارەساتە خوێناوییەکەی یەکی شوبات کە تیرۆرستان نزیکەی 101 کەسیان شەهید کرد لە شاری هەولێر)**

**شوبات**

**بەپرتاو هات**

**بەدەست ریشێکی درێژەوە ئەیناڵاند**

**قوربان**

**بەگریان هات**

**لەچنگ فتوای شێتێك ئەینوزاند**

**لە شوبات و لەقوربانا**

**لەناو مەجلیسی ئەوین و پاکیزەیی**

**لەناو لەپی دەستی رووناکیدا**

تەمتومانەکانی تاریکی و

شەمشەمە کوێرەکانی جەهل

لەیەکی شوبات و

لەیەکی قوربان و

لەیەك چرکەدا

سەد چرایان کوژاندەوە

سەد چرایان لەتاقی دیواری مزگەوتێك داگرت

سەد ماڵیان لەرووناکی بێبەش کرد

ئەوان هەزاران ساڵە

جگە لەمەرگ، کوشتن هیچ گەمەیەکی تر نازانن

شوبات

بەپرتاو هات

بەفتواي (کوللەیەك)

هەرچی گوڵە گەنم هەبوو کوشتی

قوربان هات

بەگوێی شەیتانی کردوو

دەیان ئیسماعیلی سەربڕی

ئیبراهیم (شایەدبە)بۆ خواوەندی بگێڕەوە

بڕۆ لای پێی بڵێ

مێزەری مەلایەك

بەدوای کەللەسەری بەهەشتیەکدا دەگەڕا

تەسبیحی زیکری موفتیەك

توند دەستەکانی شاخەوانی گرتبوو

تانەڕوا

(خەسرەوم بینی)

لەناو خوێنی پاکیزەیی

دەریا شەرابیەکانی بەهەشت

بەتفەنگی ژەنگاوی شۆڕش

سەوڵی مردنی لێدەدا

ئیبراهیم درودت لێ بێ

برۆ پێی بڵێ

من ئیسماعیلم سەرنەبڕی تۆووتت

مرۆڤ بۆ ژیان نەك بۆ مردن

مل بۆملوانكەیە نەك قرتان

سەربۆ مەندیلەیە نەك بڕین

ئەوان بەگوێی تۆیان نەكرد خودا

ئەوان هەموو شتێكیان بڕیەوە

دەستی بەدەست نوێژ

دەستی بەتفەنگی خەبات

دەستی پاك داوێن

لەقوربان دزەكان هاتن

رۆحی تێكۆشانیان دزی

گیرفانی پڕ چوكلێتی منالأنیان بەتالأن برد

دەشتێكی كاكی بەكاكی هەولێریان

بەغەنیمەت برد

شوبات بەپرتاو هات

لەو ڕۆژەدا شەیتان

لەبەرگی ئیرهابیەکدا خۆی کرد

بەنێو مەجلیسی قوربانا

فەرقی نەکرد

لەنێوان گەردنی تێکۆشەرێك

زاکیرەی پاکی منداڵێك

پەنجەو پێنوسی ڕۆژنامەنوسێك

هەموویانی لە فڕین خست

چیم بینی

ئاخر لەو ڕۆژەدا ئیبراهیم چیم بینی

دەستێکی بڕاو دەست نوێژەکەی

نەشکا بوو

منداڵێك گوڵە سوورەکەی لەخوێنا سووربوو

مەلایەك هێشتا لەزیکر نەوەستابوو

گیانی پاکی تێکۆشەرێك ببوو بەخۆڵ

بڕۆ پێی بڵێ ئیبراهیم

ئیدی چیتر ئێمە بەتاسووقەوە

چاوەڕێی قوربان ناکەین

تاغەزەب نەیەت و

ریشی شەیتانەکان بەئاگری دۆزەخ نەسوتێنێ

تاعەزاب نەیەت و

جەستەی تیرۆریست هەڵنەقرچێنێ

ئێمە قوربانی ناکەین

ئێمە هەموو ساڵێ ناتوانین

منداڵەکانمان بکەینە بەرخی نێرو

بۆ سەربڕین ئامادەیان بکەین

ناتوانین دەرگای ماڵەکانمان

بۆ ڕەوە کولەی بیابانەکانی نەفامی

بخەینە سەر گازەرەی پشت

ئیتر نوقڵ نابەخشینەوە چیتر

ئەوان نوقڵ و مناڵ و گوڵەکانیان

خستە رووباری خوێنەوە

ئیدی ئێمە جەژن ناکەین

تا عەزاب

تاغەزەب

شەمشەمەکانی تاریکی نەکوژێ

تێبینی/ئیبراهیم و ئیسماعیل مەبەست لە پێغەمبەرە